www.kurdistannet.org
28-8-2006 20:03بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# سەرکردایەتی یەکێتیی ئەمجارەش دەستپێشخەری کرد! ... مەحموود حاجی عومەر



دەمێك بوو بەئاواتەوە بووین ڕوخاندنی ڕێژیمی بەعس وپەتکردنی سەدام حسێن و سەر فەرازی گەلەکەمان بەچاوی خۆمان ببینین. گەلێ دڵسۆزوتێکۆشەری نەتەوەکەشمان بەو ئاواتەوە سەریان نایەوەولەوپێناوەدا گیانی خۆیان بەخت کرد. بۆیە هەموومان بەتاسەوە لەچاوەڕووانی یەکەم ڕۆژی دادگایی کردنی سەرانی ئەورژێمەوخودی سەددام حسێن دا بووین. دەکرێ بڵێین ئەوڕۆژە، ڕۆژی 21/8/2006 بە ڕۆژێکی مێژوویی و گرنگ وپڕبایەخ لە ڕۆژمێری نەتەوەیی گەلەکەماندابنووسرێتەوە!

بۆیەکەم جارە لە مێژوودا نەتەوەی کورد دوژمنێکی سەرەکی وەکو سەددام و عەلی کیمیاوی لە ناوقەفەسی تاواندا دەبینێتەوە، کەلەپێش چاوی هەموو جیهان دادگایی دەکرێت و ژنی سادەوساکاری کورد بەجلی ڕەسەنی کوردی وبەزمانی پاراوی کوردی وبەسەربەرزیو ڕوو سوورییەوە دەست بۆناوچەوانی دوژمنی سەرسەختی خۆی دەبا. گەلێکی گەورەودێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوین، خاوەن کولتووروبەهامرۆڤایەتی یەکانی خۆی، بەڵام خاك زەوت کراو!! مەسەلەیەکی گرنگ وکارەسات وکۆستێکی گەورەی وەك ئەنفال، کەلەمێژووی à 3ر ?34قایەتی یدا کەم وێنەیە، بێ پشت وپەناهی کاریکی وای کردبوو تا ئێستاش وەکوو پێویست نەناسراوە.

ئەنفال بۆخۆی چەند کارەساتە، لەوەش کارەسات تر بێ بایەخی بووە بەمەسەلەیەکی وەها گرنگ وگەورە. بۆیە ئێستا جێی بایەخ وتێڕامانی گشت میدیاو کەناڵە جیاجیاکانی جیهان و ناوچەکە یە. ئەرکی سەرشانی ئێمەشە هێندەی ترلەم فرسەتەدابایەخی زیاتر بە دۆسییەکە بدەین.

لێرەدا بەڕای من ئەوەدەست پێشخەرییەی بەڕێز مام جەلال و سەرکردەکانی تری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەڕێزان کاك کۆسرەت وکاك عومەر فەتاح وکاك قادری حاجی عەلی

هەیبەتێکی تر بەدۆسیەی دادگایی کردنەکەی سەرانی بەعس ئەدات، لەکاتێکداهەرهەمویان لە سەردەمی ئەنفالدامەیدانیەن لە ناوچە جیاجیاکان سەرپەرشتی قۆڵەکانی شەڕیان کردووە وەکوو لێپرسراووفەرماندەیی پێشمەرگە دژ بە ئەنفال چیەکان. بەتایبەت ئەو بەڕێزانە ئەوددەمەش هەرسەرکردایەتی بوون. چەندین زانیاری وبەڵگەنامەیان کەوتووەتە دەست، کەڕەنگە ئەوەی بەوان دەکرێت بەکەسێکی سادە نەکرێت، بازەرەرمەندی سەرەکی کارەساتەکە ش بێت.. یاخود بەڕێزێکی وەکو کاك (عەبدوڵلاکەریà 3 م_5eحمموود) کەجگەلەوەی وەکوپێشمەرگەیەک بەخۆی وماڵ ومنداڵی لەژێررەحمەتی تۆپبارانی بەعس وکارەساتی ئەنفالدابووە، . شایەتحاڵێکی ڕۆشنبیرو نووسەرێکی ناورووداوەکان بوو کە پاش ئەنفالیش بەشێک لەتەمەن وشەونخوونی وتیکەی دەمی منداڵەکانیشی بۆکۆکردنەوەی زانیاری سەر ئەنفال وئەنفالەکان خەرج کردووە وەکوبەڵگەنامەیەکی مێژووی خستوویەتیەبەردیدی خوێنەروگەلەکەمان. ئەمە شیاوی ڕێزوتەقدیرە. خەڵکی وا بەشاهید قبول بکرێت.

میللەتی ئێمە میللەتێکی دڵپاك وهەژارو موسڵمانە. وەك بینیمان یەکەم ڕۆژی بەڕێوەچوونی دادگایی کردنەکە هێندەکابرای شایەتحاڵیان بەسوێند دان و قورئانەکە ترساندبوو، زۆر بە وریاییەوەقسەکانی دەکرد. ترسی ئەوەی هەبوو زیادوکەمییەک بڵێ وقورئان سواری سەری بێت! بێ ئەوەی بە بیریدابێتەوە کەئۆردوی بەعس هەزاران هەزار قورئانیان لەگەل مزگەوتە کاندا تەخت کرد، کەچی ئێستا سەددام لەهەموو دانیشتنە کاندا قورئانێکی بەدەستەوەیەو ڕانی چەپی داگیرکردووە!!!

ئەگەرچی من جگەلەدەستخۆشی تێبینی یەکم لەسەرشایەتحاڵەکان نیە. چوونکە بۆکەسێك ئاستەمە کەلەژیانیدابەخەویش ئەمەی بەخەیاڵدا نەدەهات لەگەڵ سەددام و داروەدستەکەی ڕووبەڕووی بکەنەوە، لە هۆڵێکدا کەچەندین خەڵکی قانوونی وچاودێرو

میدیاوڕاگەیاندنی جۆراوجۆربەکامێراکانیانەوە بەرامبەر تێیبڕوانن وگوێی بۆڕادێرن!..

ئەگەرهەرکەموکورتییەکیشیان هەبووبێ، من لەچاوی حیزبەکان وپارێزەرەکوردەکانی دەزانم. چوونکەحیزب ئەرکی هوشیارکردنەوەو بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی وئەهمیەتی ئاسایشی نەتەوەییە.

ئەوپارێزەرانەش ئەرکیان بوو هەم پێشوەخت زۆربەجوانی کەین وبەینی ڕەسمیاتی ناوهۆڵی دادگاوپرسیاری دادوەر لەشایەتەکان بەچڕوپڕی بگەیەنن. هەمیش ئەرکی سەرشانیان بوو هێندە تەدەخول بکەن تائاستی ئینزار کردنیان لەلایەن قازییەوە.

بەهەرحاڵ، لەهەمووی گرنگترئامادەبوونی مام جەلالە بۆئەوشاهێدی دانە، چوونکە لە پاش ئەنفال ولە مانگی ئۆکتوبەری ساڵی 88 لێبوردنە گشتی یەکەی سەددام هەموو کوردی ئەگرتەوە جگەلە جەنابی مام جەلال! ئێستا سەددام لەقەفەسی دادگایی کردنداو مام جەلال وەکوسەرۆکی هەمووعێراقی عەرەبی بچێ بەرامبەری لێبگرێ. ئەمەجگەلە دۆسییە ی ئەنفال، بۆکورد ولەسەرووی هەمووشیانەوە بۆجەنابی مام جەلال گرنگ وگەورەییە. شەرمەزاریشەبۆ سەرانی عەرەب.

لەلایەکی تریشەوە مشتەکۆڵەیەکی بەهێزیشە بۆ بەدەم دادانی کۆمەڵێ دەم بەتاڵ کەتا ئێستاش تانەوتەشەردەگرنە مام جەلال. بێ شك لەوهاکارێکداولەوەهاڕووبەڕوو بوونەوەیەکیشدا زۆر شت دەردەکەوێت !!؟.

کەسوکاروپاشماوەی ئەنفالکراوەکانیش هەست بەدڵنیاییەکی زیاتر دەکەن.

لە کاتێکدا من ئەوهەڵوێستەی ئە وسەرکردانەبە ئەرکی سەرشانیان دەزانم وبەلام هەقە خۆیان بچنە پێشێ بۆ دادگا داوایان لێ بکات؟! لەهەمان کاتدا هەڵوێستێکی جوامێرانەیە بەهیواین ڕۆژێکی وەهابە کردار بسەلمێندرێت لەڕۆژانی داهاتووی ناوهۆڵی دادگادا. تاکوو سەرباری تۆڵەوتەعویز کارەساتی ئەنفال زیاتربەفەرمی مێژووی نەتەوەیەکی دابەشکراو بنەخشێنێت.

ماوەتەوە بڵێم، خۆزگە لەگەڵ ئەوهەڵوێستەی کەئەوهەڤاڵانەی سەکردایەتی یەکێتیی نواندوویانە، لەهەمان کاتدا بڕیارێکی بوێرانە لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە یەك دەنگ دەردەچوو بۆ دادگایی کردنی موستەشاروسەرەک جاش. چوونکە هۆکارێکی سەرەکی ئەوتاوانە وەک (سوڵتان هاشم) ی تاوانبار وتی جاش وسەرەک جاش بوون. کەدەبوو چەندین سەرەک جاش وەك چۆن دەلیلی سوپای عێراق بوون بۆسەرنەتەوەونیشتیمانەکەی خۆیان، هەرهیچ نەبێ ئاوهاش شایەت حاڵ و دەلیلی گەلەکەی خۆیان بوونایە بۆ سزا دانی بەعسییەکان. جا وەکوئاشکراو ڕوونە ئەونەجابەتەیان لێ ناوەشێتەوە!

با سەرکردایەتی یەکێتیی پێشنیاری دادگایی کردنی ئەوسەرەک جاشانەش بکات، کە چەندین ساڵە وەکوو کەری ناوجۆگە لەهەردووبەر دەلەوەڕێن..

سوێد
lashkr10@hotmail. com